# ئێران کەمپینی تازەی خۆکوژی بەرێ دەخا !

## ڕزگار عومەر



(( شەڕ موزگێنیە ، شەڕ دیاریەکە لە بەهەشتەوە بۆمان نێردراوە ، کەسێك هەیە بڕوای بە قیامەت هەبێ و لە شەڕ بترسێ ؟! ئێمە پێویستە لە سەرمان شوکری خوا بکەین کە شەرەفی خۆ بەخت کردنمان پێ دەبەخشێ ، لێ گەڕێن با لە نێو ئاپورەو حەشامەتی خۆماندا ، بۆ ڕیزی پێشەوەی شەهیدبوون ڕێگای خۆمان بکەینەوە ، ئەگەر لە شەڕی جیهادا بترسێین مانای ئەوەیە بڕوامان بە قیامەت نی یە )) — خومەینی—

★ ★ ★

دوای 16 ساڵ لە مردنی خومەینی ، دوای مێژوویەك لە موجامەلەی دیبلۆماسی بۆ کابینەی حکومەتی ڕەفسەنجانی ، دوای مێژویەکی پڕ لە ڕیای سیاسەتی نێو دەوڵەتی بە تایبەتی ئەوروپای عیلمانی ، دوای مێژوویەك لە پیا هەڵدان بە کوتە پەڕۆی ئاڵای ڕیفۆرمی دەستی کابینەی حکومەتی خاتەمی ، بە بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ و بە بەرزکردنەوەی بووکەشووشەی خانم: شیرین عەبادی، حکومەتی ئێران لە سەر بنەمای شەڕ موزگێنیەی خومەینی ،کەمپینێکی گەورەی خۆکوژی و خۆتەقاندنەوە ، دەکاتە دیاری بۆ جیهان بە گشتی و بۆ عێراق بە تایبەتی .

ئێران لە دوای ڕوخانی سەدامەوە ، تا ئەمڕۆش ئینکاری لەوە دەکا کە دەستی هەبێ لە گەشەی تیرۆر لە عێراقدا ، بەڵام لەولاشەوە ، لە زمانی کاربەدەستانی خۆیەوە ، لە زمانی ( موحەمەد عەلی سەمەدی ) قسەکەری ڕەسمی دەزگای ( زیندوو کردنەوەی یادی شەهیدانی بزووتنەوەی ئیسلامی جیهانی ) لە 12نۆڤێمبەری 2004 قسەی بۆ میدیا کردو ڕایگەیاند : کە ئەو کەمپینەی ئەوان بەرێیان خستووە تا ئێستا 4000کەس ناونوس کراوەو فۆرمیان پڕ کردۆتەوە ، لەم ژمارەیە 300 کەسیان هەموو شتێکیان تەواو کردووە ، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئەم 300 کەسە بۆ ئەو ئامانجانەی بۆیان دەستنیشان کراوەچوونەتە دەرەوەی خاکی ئێران یان نا ؟ سەمەدی وەڵامی نەدایەوە .

ئەم کەمپینی خۆکوژی و خۆ تەقاندنەوەیە 3 ئامانجی بۆ دەست نیشان کراوە ، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە : -

1- هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق .

2- ئیسرائیل .

3- تیرۆر کردنی نوسەری بەریتانی سەلمان روشدی .

فۆرمەکانی ئەم کەمپینە لە سەر شەقامەکان و لە زانکۆی تاران دانراوەو بەپێ ئامارێکی خودی ئەم دەزگایە، تەمەنی ئەوانەی فۆرمی ئەم کەمپینەو چوونە بەهەشتیان پڕ کردۆتەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە :-

25٪ لە خوارووی 18 ساڵ .

55٪ لە 18 بۆ 40 ساڵ .

20٪ لە 40 بۆ 80 ساڵ .

هەر لە زمانی ئەم دەزگایەشەوە ڕاگەیانراوە کە بچووکترین کەس ناوی خۆی نووسیبێ ، مناڵێکی 7 ساڵانە ! ئینکاری کردنی حکومەتی ئێران لە سەپۆرت و لە پیادە کردنی تیرۆر بە درێژایی تەمەنی 25 ساڵەی خۆی درۆیەکی شەفاف و گاڵتەیەکی زۆر ڕەزا قورسە ، ئێران یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی بوو لە چەرخی بیستدا ، وەکو دەوڵەت بە سەرکوت و بە زۆرە ملێ و بە فەنتازیا ی دین ، کەمپینەکانی چوونە بە هەشتی لە شەڕدا بە کار هێنا ، ئێران یەکەم دەوڵەتی ئیسلامی و جیهانی بوو لە چەرخی بیستدا کە کلیلی بە هەشتی بە سەر مێرد مناڵ و بە سەر ئەو قوتابیانە دابەش دەکرد ، کە لە نێو پۆلەکانیان دەریان دەهێنان و ڕەوانەی بەرەی شەڕیان دەکردن ، کاتێکیش باوکان و دایکان بۆ سۆراغی ڕۆڵەکانیان هیچ هەواڵێکیان دەست نەدەکەوت ، یان نامەیەکی مناڵەکەیان بۆ دەهاتەوە ، یان تەرمی مناڵەکەیان بۆ دەهاتەوەو لە گەڵ نامەیەکی شانازی چوونە بەهەشت و مەعاشێکی 6000 تومەنیان بۆ دەبڕایەوە ، تا ساڵی سێیەمی شەڕیش حکومەتی ئێران کلیلی بە هەشتی لە مادەی گرانبەها دروست دەکردو دابەشی دەکرد ، بەڵام کاتێ باری ئابووری لەنگ بوو ، کاتێ مەسرەفی شەڕ ئابووری هەردوو دەوڵەتی شەڕکەری وێران کرد ، ئێران دەستی کرد بە دروست کردنی کلیلی بەهەشت لە مادەی پلاستیکی !

25 ساڵ لەمەوبەر خومەینی و حکومەتی ئیسلامی ئێران بۆ چەسپاندنی قایم کردنی دەسەڵاتی ساوای سیاسی خۆی ، مەمنونی هەرکەسێك و هەر دەوڵەتێك بوو موزگێنی پێ بداو شەڕی لە گەڵ دامەزرێنێ ، هەندێ لێکۆڵینەوەی مێژوویی تازە ئاماژە بەوە دەکا کە ڕۆژئاواش بە سەرپەرشتی ئەمریکا و هەندێ لە دەوڵەتە ئیقلیمیە عەرەبیەکان لەو سەردەمەدا ئەوانیش بە دوای کەسێك دەگەڕان مەترسی ئێران لە بەرژەوەندیەکانی ئەوان دوور خاتەوە ، سەرەتا ویستیان پاڵ بە پاکستانەوە بنێن شەڕ لە گەڵ ئێران دامەزرێنێ ، بەڵام حکومەتی پاکستان نەیکرد ، سەدام حوسێن بە کەیسێکی جیاوازەوە پێویستی بە شەڕ بوو ، ئەو پێ ی وابوو شەڕێکی کورت دەبێ ، ئەحمەقانە موبادەری دەست پێ کردو بە سەپۆرتی غەرب و ئەمریکا و دەوڵەتە عەربیەکان بە هەردوو حکومەت لە هەشت ساڵ ی خوێناوی ملیۆنان خەڵکیان هاڕی .

ئەمڕۆش خامەنەئی و خاتەمی ، بە هەموو جیاوازیە ڕووکەشەکانی خۆیان ، وەکو دوێنێ ی 25 ساڵ ی لەمەوبەری دەسەلاتی ساوای حکومەتی ئیسلامی ، پێویستیان بە چوونە ناو موغامەراتی شەڕو ئاوهەوای شەڕە ، دەست بۆ دروست کردنی چەکی ئەتۆمی دەبەن ، فڕۆکەو موشەکی جەنگی دەدەنە حزبوللەی لوبنان ، کەمپینی گەورەی جیهادو خۆکوژی و خۆتەقاندنەوە بەڕێ دەخەن ، پێویستیان بە شەڕە نەك بۆ

ئەوەی وەکو سالّی 1979 یارمەتیان بدا بۆ هەڵسانە سەرپێ ، بەڵکو پێویستیان بە شەڕو ئاو هەوای شەڕێکە ، کە تەنانەت لە حالّی ڕووخانیشا وەکو( مقاوەمەی عێراقی) ئێستا ، ئەوانیش درێژە بە کاروانی ئەم تاریکیە بدەن ، ئەوان پێویستیان بە شەڕەو ، جۆرج بۆش ی سەرۆکی ئەمریکاش وا پێ دەچێ ، موزگێنی شەڕی نەك تەنها بۆ ئێران پێ بێ ، ئەو لیستێکی پێیە ، لە سەردەمی ڕۆنالد ڕێگانەوە ئەم لیستە کەم و زیاد دەبێ ، جۆرج بۆش لە گرەوی ئەوەدایە زوو لە عێراق نەجاتی بێ و بچێتە ژمارە دووی ئەم لیستە ، ئێرانیش لە گرەوی ئەوەدایە هەر لە ژمارە 1 لیستەکە شەڕی مان و نەمانی خۆی بکا .

<u>سەرچاوەکان</u>


**1-Iranian recruiting suicide commandos.**
**THE VANCOUVER SUN,MONDAY,NOVEMBER 29,2004 Pages A1A2**
**2-My Life Is a Weapon. A Modern History of Suicide Bombing .by CHRESTOPH REUTER. Pages from : 33 to 51.**
**3-http://haramaincenter.co.uk/index.htm**